## قوتابیان لەدەستپێکی وەرزی نوێی خوێندندا

# لە سیستمی خوێندن و پشووی هاوینە نیگەرانن

پسپۆڕانی بواری پەروەردە و فێرکردن رایانوایە پێویست ناکات دایك و باوك لە ماڵەوە رۆڵی مامۆستا ببینن، لەبەر ئەوەی شارەزای وانەوتنەوە نین. بۆیە جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە مامۆستاکان لە قوتابخانەکان منداڵان پەروەردە بکەن و تەنانەت ئەو ئەرکەی وەك مەشقی رۆژانە پێیان دەسپێردرێت کە لە ماڵەوە ئەنجامی بدەن، باشترە لە قوتابخانە و بە یارمەتی مامۆستا تەواوی بکەن و پێویستیان بە خوێندنی زیادە نەبێت لە ماڵەوە. کەچی لە هەرێمی کوردستان قوتابیان رۆژانە دوای تەواوبوونی دەوامی قوتابخانە، تەواوی رۆژەکە بە ئەرکی ماڵەوە سەرقاڵن، تەنانەت لە پشووی هاوینیشدا منداڵان دەخرێنە بەر خولەکانی بەهێزکردن و مەنهەجی ساڵێکیان پێ دەخوێنن، لە ئێستاشدا کە خەریکە دەرگای قوتابخانەکان دەکرێنەوە، قوتابییان نیگەرانن لەوەی پشووی هاوین بۆ ئەوان درێژەپێدەر و تەواوکەری وەرزی خوێندن بووە. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گۆڤاری گوڵان خوێندنەوەی زیاتر بۆ بابەتەکە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



«دوای ئەوەی ئەمساڵ لە پۆلی چوارەمی بنەڕەتی بە پلەی سێیەم دەرچووم، باوکم تەواوی کتێبەکانی پۆلی پێنجی بۆ پەیدا کردم و پێی گوتم لەم پشووە هەموو ئەو کتێبانە بخوێنە. « ئەوە قسەی هێژا فەرهاد بوو. ئەو مێرمنداڵە بە نیگەرانییەوە باسی چۆنیەتی بەسەربردنی پشووی هاوینەی دەکات و دەڵێت: «ئەگەرچی هەموو کتێبەکانم خوێند و پشووی هاوینەم بەبێ پشوودان بەسەر برد، بەڵام هیچی لێ فێر نەبووم و تەنانەت حەزی خوێندن و قوتابخانەشی بۆ نەهێشتم».

خەلیل پاڵانی مامۆستای قۆناغی بنەڕەتییە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ڕەوشی پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستان، پێویستی بە هەڵوەستەیەکی جددی هەیە و هاوکات دەڵێت: «بەداخەوە بەهۆی قەیرانەکانەکانی ساڵانی ڕابردوو، کە تا ئێستاش ئاسەواری خراپی لەسەر پەروەردەو فێرکردن هەر ماوە و لانەچووە، دەبینین بە هۆی نەبوونی دامەزراندن و دابیننەکردنی هەلی کار بۆ دەرچووان، خولیای قوتابی بۆ خوێندن کەم بۆتەوە و لەهەمان کاتدا دایك و باوکی قوتابی هاندانیان بۆ رۆڵەکانیان لاواز بووە. لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو لەکاتی دەوامی خوێندندا ئەرکیماڵەوە نادەن بە قوتابی و پەرتووك و پێداویستییەکانیش لە قوتابخانە جێ دەهێڵدرێت، چونکە قوتابی لە قوتابخانە دەبێ فێر بکرێ، کە ئەرکی ماڵەوەشی پێ بدرێ، ئەوا لە ماڵەوەش بواری پشووی نابێت. بەڵام لە وڵاتی ئێمە قوتابی نەوەك لەو پشووەی دوای دەوام بێبەشە، بەڵکو لە پشووی هاوینیش بە خوێندن سەرقاڵ دەبێت و دواتریش ئەنجامەکەی ئەرێنی نابێت. بۆیە دەکرێ لەپشووی هاوینەدا ڕەوشێکی جیاواز لە ڕەوشی خوێندن بۆ قوتابی لەلایەن دایك و بابان دابین بکرێت، چونکە منداڵ لەقۆناغی بنەڕەتیدا وزەی زۆرە و پێویستە هەوڵ بدرێت ئەو وزەیەی بەکار بخرێت بۆ فێربوون و ناسینی دەوروبەری و دەکرێ کاتەکانی بۆ دابەش بکرێت، بەشێك بۆ یاری جەستەیی و بەشێك بۆ یارییە ئەلیکترۆنییەکان، هەرچەندە ئەمەیان باش نییە، بەڵام لەم سەردەمە کۆنترۆڵ ناکرێت، بۆیە باشتر وایە لە پشووەکاندا لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە چەندین بەرنامەی نووسین و وێنە فێری قوتابی بکرێت، هەروەها گەشتکردن بۆ ئەو شوێنانەی کە نەیانبینیوە. لە هەمووشی گرنگتر پێدانی ڕێنمایی بەردەوامە بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوازێکی تەندروست مامەڵە لەگەڵ دەوروبەریان بکەن، تاوەکو بۆ دوارۆژ نەوەیەکی تەندروست بەرهەم بهێنن، کە خاوەن کەسایەتییەکی خودان متمانە بەخۆ و داهێنەر بن، نەك بێ هێز و لاواز».

کۆمەڵناس ڕوان عەبدولحەمید بابان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «پشووی هاوینە دەرفەتێکی بەسوودە بۆ منداڵان لەبەر ئەوەی هیچ ئەرکێکی خوێندنیان لەسەر نییە، واتا دەرفەتی زۆریان لە پێشە بۆ فێربوون لە گشت بوارەکانی ژیان، بۆ نموونە خولی هاوینە، بەتایبەت لە بوارە تەرفیهییەکانی وەکو مەلەوانی، سەما، وەرزش و گەشتپێکردنیان بۆ چەند ناوچەیەکی گەشتیاری بە مەبەستی ناساندنیان بە جوانیی کوردستان.»

ئەو خاتوونە کۆمەڵناسە تیشك دەخاتە سەر کێشەی گەورەی منداڵ و مێرمنداڵ و تەنانەت گەنجان، بەوەی کە «منداڵ و نەوجەوانی ئێستا زیاترین کاتەکانیان بە دیار سەیرکردنی تەلەفزیۆن و یاریکردن بە پلەی ستەیشن و ئایپاد و.. هتد بەفیڕۆ دەدەن، ئەمەش زیانێکی ئێجگار زۆری هەیە لەسەر تەندروستیی منداڵ، بەتایبەتی مێشکی منداڵ و هەروەها دەبێتە هۆی قەڵەوبوون و گەمژەیی و بیر و هۆشیان لەدەست دەدەن. بۆیە ئێمە وەکو ڕێنماییکار، ڕێنمایی دایك و باوکان دەکەین کەوا گرینگی بە منداڵەکانیان بدەن بە سەرقاڵکرنیان بە بەشدارییپێکردنیان لە خولی فێربوونی زمان و هونەر و ئەوەی حەزی منداڵەکەشی لەگەڵ بێت، هەروەها دەبێت دایك و باوکان ئاگاداری منداڵەکانیان بن بە دیاریکردنی کات بۆ یاریکردن بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و بۆ ماوەی یەك کاتژمێریش بنێردرێنە شەقام بۆ پاسکیلسواری و هەوڵ بدەن کتێبی چیرۆك و کتێبی منداڵانیان بۆ بکڕن، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، ڕایانبهێنن لەسەر خوێندنەوە بە مەبەستی لە بیرنەکردن و بەبیرهێنانەوەی وانەکانیان.»

هێمن عومەر توێژەری کۆمەڵایەتییە و ئەویش ڕای وایە: «منداڵ یەکەم دەستپێکی پڕۆسەی دروستبوونی مرۆڤە و وەکو بناغەیەك دادەنرێت بۆ دروستبوونی کەسایەتی، هەندێ لە زانایانی کۆمەڵناسی پێیانوایە پێنج ساڵی سەرەتای تەمەنی مرۆڤ کاریگەرترین کاتە بۆ دروستبوونی کەسێکی بەتوانا، یان شکستخواردوو، کۆمەڵناسان پێیانوایە ئەو تەمەنە شێلانی هەویری دروستبوونی مرۆڤە و بە شێوەیەك دەتوانرێ لەو تەمەنەوە مرۆڤ دیاری بکرێت کە حەزی لێیە لە قۆناغی کامڵبووندا ببێت بە چی؟ لەبەر ئەوە ئەو تەمەنە (تەمەنی پێش چوونە خوێندنی قوتابخانە) گرنگە بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و دایکان و باوکان هەر لە خۆیانەوە بڕیار بۆ پەروەردەکردن نەدەن، یان بۆ ئەوەی خۆیان لە ئیسراحەتدا بن، لە خۆیانی دوور نەخەنەوە».

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە سەبارەت بە سیستمی خوێندن و پشووی هاوینە و نیگەرانیی منداڵان لە بێبەشبوونیان لە پشوویەکی دڵخواز، دەڵێت: «منداڵ لە پشووی هاوین پێویستی بە پەروەردە و چاودێری و پەیوەندیی زۆری دایك و باوکی هەیە کە گرنگی پێ بدەن، چ لە ماڵەوە یان لە چوونە دەرەوەی، هەروەها یاریکردن و دەرفەت پێدانی زیاتر بە پشوودانی لە ژیانی تایبەتی و دڵخوازی خۆی زۆر گرینگە، بەڵام پێویستە ڕێنماییکردنیشی لەگەڵ بێت.» جەختی لەوەش کردەوە کە «سەرقاڵکردنی قوتابی لە پشووی هاویندا نابێت تەنیا لە خوێندندا چڕ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی هەست بەوە بکات کە پشووی خوێندنی هەیە و دەکرێت جیا لە خوێندنی کاتی خۆی بۆ شتی دیکەش تەرخان بکات. بە پێویستیشی زانی «کاتی یاری بۆ بەکارهێنانی ئایپاد و ئەنتەرنێت بە شێوەیەك بێت کە رۆژانە زیاتر لە کاتژمێرێك تێپەڕ نەکات. گوتیشی: «منداڵان پێویستە هاوڕێی باشیان هەبێت و باوك و دایکان چاودێرێکی نهێنی بن بەسەریانەوە و باشە و خراپەیان بۆ دیاری بکەن، لە پاڵ ئەوە بەشداریکردن لە خولی فێربوونی زمان و مەلەوانی و کۆمپیوتەر و کات بەسەربردنی بەسوود باشە، بە مەرجێ لەسەر حیسابی پشووی منداڵەکە نەبێت».

**ئەگەرچی هەموو کتێبەکانم خوێند و پشووی هاوینەم بەبێ پشوودان بەسەر برد، بەڵام هیچی لێ فێر نەبووم و تەنانەت حەزی خوێندن و قوتابخانەشی بۆ نەهێشتم**

**لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو لەکاتی دەوامی خوێندندا ئەرکی ماڵەوە نادەن بە قوتابی و پەرتووك و پێداویستییەکانیش لە قوتابخانە جێ دەهێڵدرێت**

**سەرقاڵکردنی قوتابی لە پشووی هاویندا نابێت تەنیا لە خوێندندا چڕ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی هەست بەوە بکات کە پشووی خوێندنی هەیە و دەکرێت جیا لە خوێندنی کاتی خۆی بۆ شتی دیکەش تەرخان بکات**

**بەشداریکردن لە خولی فێربوونی زمان و مەلەوانی و کۆمپیوتەر و کات بەسەربردنی بەسوود باشە، بە مەرجێ لەسەر حیسابی پشووی منداڵەکە نەبێت**

# هاووڵاتیان راگرتنی پێدانی مۆڵەت بە قوتابخانە ناحکوومییەکان بە بڕیارێکی ئەرێنی دەزانن

**جیاکاری لە چەندایەتی و چۆنایەتیی پەروەردەی منداڵان لە بواری خوێندندا وای کردووە، خوێندنگە ئەهلییەکان و قوتابخانەکانی حکوومی دیوارێکی گەورەیان لە نێواندا دروست بێت، ئەوەش بەشێکی زۆر چینی کەمداهاتی نێو کۆمەڵگەی نیگەران کردووە، بەوەی کە ئەوان توانای دابینکردنی تێچووی خوێندنی منداڵی خۆیان لە کەرتی تایبەت و خوێندنگە ئەهلییەکان نییە، گریمانەی ئەوەش دەکەن، ئەو جیاکارییە رەوشی پەروەردەی لە قوتابخانەکانی حکوومی لاواز کردووە. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گۆڤاری گوڵان هەڵسەنگاندنی زیاتر بۆ ئەو پرسە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان (ئالان حەمە سەعید)، بە فەرمانی وەزارتی ژمارەی ٣٦٧ لە ٢٣ی تەمموزی ٢٠١٩ بڕیاری راگرتنی پێدانی مۆڵەتی بە باخچەی ساوایان و قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکان و پەیمانگا ناحکوومییەکان (ئەهلیەکان) دا. لە فەرمانەکەدا هاتووە کە لە رۆژی دەرچوونی ئەم فەرمانەوە گشت مامەڵەکانی تایبەت بەم بابەتە رادەگیرێن.

لە هەرێمی کوردستان ٢٦٧ قوتابخانە و پەیمانگەی ناحکوومیی سەر بە وەزارەتی پەروەردە هەن، کە زۆرترینیان لە پارێزگای هەولێرن. ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانیش پشتیوانی لە بڕیارەکەی وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان دەکەن و هاوکات پێیانوایە بڕیارێکی درەنگ وەخت بووە.

عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا، مامۆستای راگەیاندن لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، سەبارەت بەو پرسە دەڵێت: «کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا سێکتەرێکی یەکجار گرنگ و هەستیاری کۆمەڵگەن، بۆیە دەبێ ستراتیژیەتی روونمان بۆیان هەبێ. ئەوەندەی من ئاگادار بم، بەشێك لە قوتابخانە ئەهلی و تەنانەت زانکۆ ئەهلییەکانیش رەهەندە بازرگانییەکەیان زاڵە بەسەر کارکردنیان و لەو پێناوەشدا خۆیان لە رۆحی یاسا و رێنماییەکانی پەیوەست بە شێوازی کارکردنیان دزیوەتەوە و تەنیا رواڵەتی ئەو یاسایانەیان وەرگرتووە بۆ دەربازبوون لە هەر لێپرسینەوەیەکی یاسایی (بێگومان ئەگەر هەبێت)، ئەمەش وایکردووە کوالێتی خوێندن لەو قوتابخانە و زانکۆیانە لە ئاستێکی زۆر خراپدا بێت و دواجار ببن بە مارکێتێکی رێپێدراو بۆ فرۆشتنی بڕوانامە، بۆیە پێموایە دەبێ میکانیزمی ورد و شەفاف دابنرێ (دوور لە دەستوەردانی حزب و



گرووپ و کەسەکان) بۆ چاودێری و هەڵسەنگاندن و لێپێچینەوە لێیان، هیوادارم ئەو بڕیارەش چەشنی بڕیار و هەنگاوەکانی پێشووی حکومەت نەبێ و دواجار شتێکی لێ شین بێت».

نیاز محەمەد فەتاح، مامۆستایە لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت و رایوایە: «بڕیاردان هونەرە و مرۆڤ بۆ ئەوەی بڕیاری دروست بدات، کۆمەڵێ بنەما هەیە کە پێویستە بیزانێت دەربارەی ئەو رەهەندانەی پەیوەندییان بە راستی و دروستیی بڕیارەکەوە هەیە. ئەمە جگە لە زانینی ئەو راستییەی کە هیچ بڕیارێك نییە بۆ هەموو کەسەکان و بۆماوەیەکی دوور و درێژ راست بێت و کەلێنی تێدا دەرنەکەوێت.» هاوکات دەڵێت: «مرۆڤەکان تەنیا لە بڕیارە کەسی و تایبەتییەکاندا دەتوانن ئازادیی تەواو وەربگرن، تاکو سنووری ئەو مرۆڤانەی کە بڕیارەکە دەیانگرێتەوە و ماوەی کاریگەری بڕیارەکە زۆرتر بێت، پێویستە وردتر و قووڵتر بیریان لێ بکرێیەوە. لەناو دامەزراوەکاندا هێچ کاتێك نابێت بڕیارەکان بێ تاوتوێ و دراسەکردن ئەنجام بدرێت. ئەم بڕیارە کە دراوە چارەنووسی کۆمەڵێ منداڵ و کومەڵێ خێزان و کۆمەڵێ مامۆستا و کارمەندی پێوە بەستراوەتەوە. ئایا چارەنوسی ئەمانەو ئەو کێشانەی رووبەڕوویان دەبێتەوە، رێگەچارەی بۆ دانراوە؟ ئایا لە رووی زانستییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە، بەوەی کە مانەوەیان زیانی زیاترە لە لابردنیان؟ وەڵامی ئەمانە دەتوانێ بڕیار بدات کە ئەو بڕیارە راستە، یان هەڵەیە.. ئەگەر ئێوە وەڵامی ئەم پرسیارەتان دەست کەوت لە وەزارەت، ئەوە هەڵسەنگاندن بکەن بۆ بڕیارەکە، کە من دڵنیام وەڵامەکان دەست ناکەون».

مامۆستا و رۆژنامەنووس سەمیر هەمزە، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «بڕیاری راگرتنی مۆڵەتی باخچە و قوتابخانە و پەیمانگا ئەهلییەکان لەلایەن وەزیری پەروەردەوە هەرچەند بڕیارێکی درەنگ وەخت بوو، بەڵام گرنگ و پێویست بوو، چونکە لە هەرێمی کوردستان کردنەوەی ناوەندەکانی خوێندن لەلایەن سەرمایەدارانەوە رۆژانە لە پەرەسەندندایە و تا رادەیەك لە رێچکەی پەروەردەو فێرکردن لای داوە و رێچکەیەکی تەواو بازرگانی وەرگرتووە، بۆیە راگرتنی پێدانی مۆڵەت و پێداچوونەوە بە مۆڵەتەکانی پێشتر و بەدواداچوون بۆ باڵەخانە و کوالێتی فێرکردن لە تەواوی ناوەندە ئەهلییەکانی خوێندن کارێکی گرنگە و دەبێت وەزارەت بە زووترین لە رێگای لیژنەی تایبەتەوە ئەو کارە ئەنجام بدات».

توێژەری کۆمەڵایەتی لەتیف حوسێن، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئەو چەند بڕیارەی وەزیری نوێی پەروەردە دوای دەستبەکار بوونی، بەتایبەت ئەو بڕیارەی پەیوەستە بە راگرتنی مۆڵەتی قوتابخانە ئەهلییەکان و هەڵوەشاندنەوەی خوێندنی ئینگلیزی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان، لەکاتێکدا رەخنەی زۆر لەسەر کوالێتی و ئەدای مامۆستاکان هەبوو، پێویستە ئەو بڕیارە مەبەست لێی بەهێزکردن و بووژانەوەی قوتابخانە حکوومییەکان بێت، ئەگەرچی رەنگە زیان لە هەندێ قوتابی و مامۆستا و خێزان بدات، بەڵام بڕیارەکان پێویست و لەجێی خۆیدا بوون. دەکرێ بڵێین بڕیارێکی درەنگوەختیش بوو، دەبوو زووتر دەرچووبووایە، ئەوەش هەنگاوێکی جددییە بۆ بەرەوپێشبردنی کەرتی گشتی و نەهێشتن، یان کەمکردنەوەی کێشەی چینایەتی، چونکە وەك ئاشکرایە، هەموو منداڵێك نەیدەتوانی بچێتە قوتابخانە ئەهلییەکان و هاوکات بەشێك لە دایك و باوکان متمانەیان بە خوێندنی کەرتی گشتی نەمابوو».

**لە هەرێمی کوردستان ٢٦٧ قوتابخانە و پەیمانگەی ناحکوومیی سەر بە وەزارەتی پەروەردە هەن، کە زۆرترینیان لە پارێزگای هەولێرن**

**کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا سێکتەرێکی یەکجار گرنگ و هەستیاری کۆمەڵگەن، بۆیە دەبێ ستراتیژیەتی روونمان بۆیان هەبێ**

**بەشێك لە قوتابخانە ئەهلی و تەنانەت زانکۆ ئەهلییەکانیش رەهەندە بازرگانییەکەیان زاڵە بەسەر کارکردنیان و لەو پێناوەشدا خۆیان لە رۆحی یاسا و رێنماییەکانی پەیوەست بە شێوازی کارکردنیان دزیوەتەوە**

